سوره 37: الصافات

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

وَالصَّافَّاتِ صَفًّا (1)

سوێند بە فریشتە ڕیز بووەکان.

فَالزَّاجِرَاتِ زَجْرًا (2)

بەو فریشتانەش کە دەخوڕن بەسەر ستەمکاراندا.

فَالتَّالِيَاتِ ذِكْرًا (3)

بەوانەش (کە پەیامە ئاسمانیەکان) دەگەیەنن بە پێغەمبەران و بەسەریاندا دەیخوێننەوە.

إِنَّ إِلَٰهَكُمْ لَوَاحِدٌ (4)

بەڕاستی و بێگومان خوای ئێوە تاکەو یەکێکە.

رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَرَبُّ الْمَشَارِقِ (5)

پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و نێوانیانە، پەروەردگاری ڕۆژهەڵاتیشە.

إِنَّا زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِزِينَةٍ الْكَوَاكِبِ (6)

ئێمە ئاسمانی دنیامان ڕازاندۆتەوە بە جوانی و ڕۆشنی ئەستێرەو هەسارەکان.

وَحِفْظًا مِّن كُلِّ شَيْطَانٍ مَّارِدٍ (7)

(ئاسمانمان) پاراستووه له (پیلان و شه‌ڕی) هه‌موو شه‌یتانێکی سه‌رکه‌ش.

لَا يَسَّمَّعُونَ إِلَى الْمَلَإِ الْأَعْلَى وَيُقْذَفُونَ مِن كُلِّ جَانِبٍ (8)

(شه‌یتانه‌کان ناتوانن هه‌واڵی ئه‌و نه‌خشه‌و به‌رنامانه‌ی که به فریشته پایه‌بڵنده‌کان ده‌سپێردرێت، بیزانن) و ببیستن، چونکه له هه‌موو لایه‌که‌وه (پارچه ئه‌ستێره) بۆیان ده‌کشێ و (له‌ناویان ده‌بات).

دُحُورًا وَلَهُمْ عَذَابٌ وَاصِبٌ (9)

(یان) ڕاوده‌نرێن و سزای سه‌خت و پڕ ئێشیش له قیامه‌تدا بۆیان ئاماده‌یه.

إِلَّا مَنْ خَطِفَ الْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ ثَاقِبٌ (10)

(ئه‌وه‌ش که هه‌واڵێک) بفڕێنێت و بیه‌وێت بۆی ده‌ربچێت ئه‌ستێره‌یه‌کی کونکه‌ر شوێنی ده‌که‌وێت و (له‌ناوی ده‌بات).

فَاسْتَفْتِهِمْ أَهُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَم مَّنْ خَلَقْنَا إِنَّا خَلَقْنَاهُم مِّن طِينٍ لَّازِبٍ (11)

(ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر له بێ بڕواکان بپرسه) ئایا ئه‌وان گرنگترو گه‌وره‌ترو به‌هێزترن یان ئه‌و شتانه‌ی تر که دروستمان کردووه وه‌ک (ئاسمان و زه‌وی و کێوه‌کان...هتد)، خۆ ئێمه ئه‌وانمان له قوڕێکی مچ دروستکردووه (که یه‌کێکه له قۆناغه‌کانی دروستکردنی باوکه ئاده‌م).

بَلْ عَجِبْتَ وَيَسْخَرُونَ (12)

تۆ سه‌رسامی له (بێ باوه‌ڕی کافران) که‌چی ئه‌وان گاڵته ده‌که‌ن (به‌و هه‌موو به‌ڵگه به‌هێزانه).

وَإِذَا ذُكِّرُوا لَا يَذْكُرُونَ (13)

ئه‌گه‌ر یاداوه‌ری بکرێن یاداوه‌ری وه‌رناگرن و (سه‌ر باده‌ده‌ن).

وَإِذَا رَأَوْا آيَةً يَسْتَسْخِرُونَ (14)

كاتێك بەڵگەو (معجزة)یەک دەبینن دەیکەنە گاڵتەجاڕو (باوەڕ ناکەن).

وَقَالُوا إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ (15)

دەڵێن: ئەمەی (ئێمە دەیبینین وە دەیبیستین) جگە لە جادوویەکی ئاشکرا شتێکی تر نیە..!!

أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَئِنَّا لَمَبْعُوثُونَ (16)

(هەروەها دەڵێن)! ئایا ئەگەر مردین و بووینە خاک و پێشەو ئێسک، ئایا ئێمە زیندوو دەبینەوە؟!!

أَوَآبَاؤُنَا الْأَوَّلُونَ (17)

ئایا باوانی دێرینیشمان (زیندوو دەکرێتەوە)؟

قُلْ نَعَمْ وَأَنتُمْ دَاخِرُونَ (18)

(لە وەڵامیاندا ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) بڵێ: بەڵێ، وە بە زەلیلی و ملکەچیشەوە (دەهێنرێنە گۆڕەپانی لێپرسینەوەوە).

فَإِنَّمَا هِيَ زَجْرَةٌ وَاحِدَةٌ فَإِذَا هُمْ يَنظُرُونَ (19)

هەر تەنها داچڵەکاندنێکە (هەموو ئەبڵەق دەبن و بەسەرسامییەوە) تەماشا دەکەن.

وَقَالُوا يَا وَيْلَنَا هَذَا يَوْمُ الدِّينِ (20)

دەڵێن: ئەی هاوار، ئاخوئۆف بۆ ئێمە، ئەمە ئیتر ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوەیە.

هَذَا يَوْمُ الْفَصْلِ الَّذِي كُنتُمْ بِهِ تُكَذِّبُونَ (21)

(بە هەڕەشەوە پێیان دەوترێت) ئەمە ڕۆژی جیاکردنەوەیە کە ئێوە بڕواتان پێی نەبوو، بە درۆتان دەزانی.

احْشُرُوا الَّذِينَ ظَلَمُوا وَأَزْوَاجَهُمْ وَمَا كَانُوا يَعْبُدُونَ (22)

(خوای گەورە فەرمان دەدا بە فریشتەکان) هەموو ئەوانەی کە ستەمیان کردووە کۆیان بکەنەوە، خۆیان و هاوسەرانیان، خۆیان و هاوشێوەیان وە ئەو شتانەش کە دەیانپەرست.....

مِن دُونِ اللَّهِ فَاهْدُوهُمْ إِلَى صِرَاطِ الْجَحِيمِ (23)

لە جیاتی خوا ڕێنماییان بکەن بۆ ڕێگەی دۆزەخ (چونکە بێ باوەڕ و تاوانبارن).

وَقِفُوهُمْ إِنَّهُم مَّسْئُولُونَ (24)

(لە کاتی ڕاپێچ کردنیاندا فەرمان دەدرێت) ئادەی بیان وەستێنن، ئەوانە دەبێت پرسیاریان لێ بکرێت.

مَا لَكُمْ لَا تَنَاصَرُونَ (25)

(پێیان دەوترێت): ئەوە بۆچی پشتی یەکتر ناگرن، بۆ بەرگری لەیەک ناکەن؟!..

بَلْ هُمُ الْيَوْمَ مُسْتَسْلِمُونَ (26)

(نەخێر، تازە کار لە کار ترازاوە) ئەمڕۆ هەموویان تەسلیمن و (بێ دەسەڵاتن).

وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ (27)

(ئا لەو کاتەدا کە دەوەستێنرێن) یەخەی یەک دەگرن و ڕووبەڕووی یەک بە توندی قسە دەکەن و یەکتری تاوانبار دەکەن.

قَالُوا إِنَّكُمْ كُنتُمْ تَأْتُونَنَا عَنِ الْيَمِينِ (28)

(ژێر دەستەکان بە ئاغاکانیان ) دەڵێن: ئێوە هەمیشە لای ڕاستتان لێ گرتبووین (هەوڵی ئەوەتان دەدا کە حەق نەناسین).

قَالُوا بَل لَّمْ تَكُونُوا مُؤْمِنِينَ (29)

(ئەوانیش لە وەڵامیاندا) دەڵێن: نەخێر، وا نیە، ئێوە هەر خۆتان ئیماندار نەبوون!!

وَمَا كَانَ لَنَا عَلَيْكُم مِّن سُلْطَانٍ بَلْ كُنتُمْ قَوْمًا طَاغِينَ (30)

خۆ ئێمە هیچ زۆرو هیچ دەسەلاتێکمان بەسەرتاندا نەبوو، دەستمان نەدەڕۆیشت بەسەرتاندا، ئێوە هەر خۆتان لە سنوور دەرچووبوون (بێدین و دوور لە خوا بوون).

فَحَقَّ عَلَيْنَا قَوْلُ رَبِّنَا إِنَّا لَذَائِقُونَ (31)

(ئیتر خۆ چارەمان نیە) دەبێ بڕیاردادەی پەروەردگارمان بەسەرماندا پیادە بکرێت، دەبێت سزای (بێ ئیمانی و تاوانباری) خۆمان بچێژین.

فَأَغْوَيْنَاكُمْ إِنَّا كُنَّا غَاوِينَ (32)

(ڕاستە ئێمە) ئێوەمان گومڕا کردبوو بەڵام خۆیشمان هەر گومڕاو سەرلێشێواو بووین.

فَإِنَّهُمْ يَوْمَئِذٍ فِي الْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ (33)

ئەو ڕۆژە ئیتر هەموویان لە سزاو ئازاردا هاوبەشن، (هەروەک لە دنیادا هاوکاربوون).

إِنَّا كَذَلِكَ نَفْعَلُ بِالْمُجْرِمِينَ (34)

ئێمە ئا ئەوا دەکەین بە گوناهکارو تاوانباران.

إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ (35)

ئا ئەوانە، کاتی خۆی کە پێیان دەوترا هیچ خوایەک نیە جگە لە (الله) سەریان بادەداو فوویان دەکردە خۆیان و فیزیان دەکرد..

وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوا آلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍ (36)

دەیانوت: ئێمە چۆن واز لە خواکانمان دەهێنین بۆ شاعیرێکی شێت؟!

بَلْ جَاء بِالْحَقِّ وَصَدَّقَ الْمُرْسَلِينَ (37)

(نەخێر وانیە) بەڵکو ئەو حەق و ڕاستەقینەی پێیە، ڕاستی پێغەمبەرانی پێش خۆیشی سەلماندووە.

إِنَّكُمْ لَذَائِقُو الْعَذَابِ الْأَلِيمِ (38)

(مادام ئێوە کاتی خۆی بڕواتان پێ نەکرد) دەبێت سزای زۆر بە ئێش بچێژن.

وَمَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (39)

پاداشتیشتان بەقەدەر ئەو کارو کردەوانەیە کە کاتی خۆی ئەنجامتان دەدا (بێ زیادو کەم).

إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ (40)

(ئەوە حاڵی خوانەناسان بوو) بەڵام بەندە دڵسۆزو هەڵبژاردەکانی خوا (ئیماندارە بەڕێزەکان).

أُوْلَئِكَ لَهُمْ رِزْقٌ مَّعْلُومٌ (41)

ئەوان ڕزق و ڕۆزی ئاشکرای (زۆرو زەبەندەیان) پێشکەش دەکرێت (لەسەر سینی و دەفری زێڕو زیو).

فَوَاكِهُ وَهُم مُّكْرَمُونَ (42)

میوەهاتی هەمەجۆرو هەمەچەشن، هاوڕێ لەگەڵ قەدرو ڕێزێکی (بێ وێنەدا لەلایەن پەروەردگارو فریشتەکانەوە).

فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ (43)

لە بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمەتدا (بۆ هەمیشە دوور لە پیری و نەخۆشی وناخۆشی).

عَلَى سُرُرٍ مُّتَقَابِلِينَ (44)

لەسەر کورسی و قەنەفە (ڕازاوەکان) بەرانبەر یەک دادەنیشن، (دیارە خوای گەورە دەیخاتە دڵی ئیماندارانەوە بە تایبەتی ئەوانەی ناسیاوی یەکن، تا بە دیداری یەکتر شاد ببن، وە ناوبەناو یادی ژیانی دنیاو خەباتیان لە پێناوی ئاینی خوادا بکەن).

يُطَافُ عَلَيْهِم بِكَأْسٍ مِن مَّعِينٍ (45)

لەپەرداخی تایبەتیدا شەرابی تایبەتیان بەسەردا دەگێڕن.

بَيْضَاءَ لَذَّةٍ لِّلشَّارِبِينَ (46)

شەرابەکە زۆر سپی و بەلەزەتە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیخۆنەوەو نۆشی دەکەن.

لَا فِيهَا غَوْلٌ وَلَا هُمْ عَنْهَا يُنزَفُونَ (47)

(ئەو شەرابە) نە دەبێتە هۆی سەرئێشەو ئێڵنجدان، نەمەست و سەرخۆش و بێهۆشیان دەکات (وەک شەرابە ناپوختەکانی دنیا).

وَعِنْدَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ عِينٌ (48)

لە تەنیشتیانەوە حۆری چاوگەش (دانیشتوون)، جگە لە هاوسەرانیان چاو بۆ کەسی تر هەڵنابڕن (تەنها شەیدای ئەوانن).

كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَّكْنُونٌ (49)

هەر دەڵێی هێلکەی (کوڵاوی) پاکراوو مرواری سپی و ناسکن (کەس دەستی لێ نەداون).

فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ يَتَسَاءلُونَ (50)

ئینجا ئیتر (ئەو بەختەوەرانە بە دەم عەیش و نۆشەوە) پرسیار لە یەکتری دەکەن و (یادگارەکانیان لە دنیادا باس دەکەن).

قَالَ قَائِلٌ مِّنْهُمْ إِنِّي كَانَ لِي قَرِينٌ (51)

یەکێکیان (مۆڵەت دەخوازێت و) دەڵێت: من کاتی خۆی هاوەڵێکم هەبوو.

يَقُولُ أَئِنَّكَ لَمِنَ الْمُصَدِّقِينَ (52)

دەیگوت: تۆ بڕوا بە شتی وا دەکەیت؟!

أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَئِنَّا لَمَدِينُونَ (53)

ئایا ئەگەر بووینە خاک و ئێسک ئێمە بەرپرسیار دەبین و (محاسبە دەکرێین؟! (ئایا زیندووبوونەوە ڕاستە)؟!

قَالَ هَلْ أَنتُم مُّطَّلِعُونَ (54)

(پاشان ئیماندارەکە) دەڵێت: ئەوە ئێوە تەماشایەک ناکەن (با بزانین ئەو هاوەڵەم حاڵی چۆنە).

فَاطَّلَعَ فَرَآهُ فِي سَوَاء الْجَحِيمِ (55)

هەرکە سەیری کرد دیتی وا لە ناوەڕاستی دۆزەخدا گیری خواردووە.

قَالَ تَاللَّهِ إِنْ كِدتَّ لَتُرْدِينِ (56)

(ئەوکاتە ئیماندارەکە) پێی دەڵێت: بەخوا خەریک بوو منیش تیابەریت، خەریک بوو منیش وەک خۆت بکەیت بە پەند.

وَلَوْلَا نِعْمَةُ رَبِّي لَكُنتُ مِنَ الْمُحْضَرِينَ (57)

خۆ ئەگەر نیعمەتی (هیدایەتی) پەروەردگارم نەبوایە منیش ئاوا لە ناخی دۆزەخدا گیرم دەخوارد.

أَفَمَا نَحْنُ بِمَيِّتِينَ (58)

(ئینجا بەختەوەران لە خۆشیدا دەڵێن): ئێمە ئیتر نامرین، ژیانمان بەردەوامە.

إِلَّا مَوْتَتَنَا الْأُولَى وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ (59)

جگە لە مردنەکەی یەکەمجارمان، ئێمە ئیتر هیچ ئازارو ئەشکەنجەیەکیش ناچێژین.

إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (60)

بەڕاستی ئائەمەیە سەرکەوتن و سەرفرازی و بەختەوەری گەورەو بێ سنوور.

لِمِثْلِ هَذَا فَلْيَعْمَلْ الْعَامِلُونَ (61)

دەبا بۆ ئەم (بەهەشتە، بۆ ئەم کامەرانیە، بۆ ئەم نازو نیعمەتە بێ سنوورە) ئەوانەی کە کارو کۆشش دەکەن، با بۆ ئەم دەستکەوتانە بیکەن.

أَذَلِكَ خَيْرٌ نُّزُلًا أَمْ شَجَرَةُ الزَّقُّومِ (62)

(باشە) ئایا ئەو بەهەشت و نازو نیعمەتە چاکە؟ یا درەختی ژەقنەبووت.

إِنَّا جَعَلْنَاهَا فِتْنَةً لِّلظَّالِمِينَ (63)

ئێمە کردوومانە بەهۆی ناخۆشی و ئازار بۆ ستەمکاران (ئەوانەی کە لە دنیادا گاڵتەیان دەهات و دەیانووت چۆن لەناو ئاگردا درەخت دەروێت؟!).

إِنَّهَا شَجَرَةٌ تَخْرُجُ فِي أَصْلِ الْجَحِيمِ (64)

ئەوە درەختێکە کەلە ناخ دۆزەخدایەو لەوێوە (لق و پۆکانی بەهەموو بەشەکانی دۆزەخدا بڵاوکردۆتەوە).

طَلْعُهَا كَأَنَّهُ رُؤُوسُ الشَّيَاطِينِ (65)

بەروبوومەکەی دەڵێی سەلکە شەیتانە (لە ناشرینی و بێ لەزەتیدا).

فَإِنَّهُمْ لَآكِلُونَ مِنْهَا فَمَالِؤُونَ مِنْهَا الْبُطُونَ (66)

(دۆزەخیەکان بەناچاریی) لێی دەخۆن و سکیانی لێ پڕ دەکەن.

ثُمَّ إِنَّ لَهُمْ عَلَيْهَا لَشَوْبًا مِّنْ حَمِيمٍ (67)

لەوەودوا ئاو یا شلەیەکی زۆر گەرم دەکەن بەسەریداو (بە زۆر دەرخواردیان دەدرێت).

ثُمَّ إِنَّ مَرْجِعَهُمْ لَإِلَى الْجَحِيمِ (68)

پاشان (دوای ئەوەی کە تێریان خواردو تێریان خواردەوە!! بەدەم شەق و تێهەڵدان و سەرزەنشتی فریشتەکانی دۆزەخەوە) دەگێڕدرێنەوە بۆ ناو دۆزەخ، (دیارە هەوڵی دەربازبونیان داوە)!!

إِنَّهُمْ أَلْفَوْا آبَاءهُمْ ضَالِّينَ (69)

ئەوانە (کاتی خۆی) باوانی خۆیانیان بینی بە گومڕایی (بیریان نەدەکردەوە کوێرانە شوێنیان کەوتن).

فَهُمْ عَلَى آثَارِهِمْ يُهْرَعُونَ (70)

(ئیتر بەبێ لێکدانەوە) ئەوانە بەشوێنیاندا بە تالوکەو هەڵەداوان چوون (باوەڕیان بە پێغەمبەران و ئیمانداران نەکرد).

وَلَقَدْ ضَلَّ قَبْلَهُمْ أَكْثَرُ الْأَوَّلِينَ (71)

پێش ئەمانیش زۆربەی نەوەکانی پێشوو هەر گومڕابوون (چونکە دڵ ڕەق بوون و ئامادەی بیستنی ڕاستی نەبوون).

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا فِيهِم مُّنذِرِينَ (72)

(هەرچەندە ئێمە بەڕاستی، پێغەمبەرانی) بێدارکەرەوەمان بۆ ڕەوانە کردبوون (بەڵام زۆربەیان گاڵتەیان پێ دەهات).

فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُنذَرِينَ (73)

(جا ئیتر) تەماشاکە سەرئەنجامی بێدارکراوەکان چی بوو (چۆن بە دۆزەخ شاد بوون)؟!

إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ (74)

جگە لە بەندە دڵسۆزو هەڵبژاردەکانی خوا (کە ئەوان لە دۆزەخ دوورن وبە بەهەشت شاد بوون).

وَلَقَدْ نَادَانَا نُوحٌ فَلَنِعْمَ الْمُجِيبُونَ (75)

بێگومان نوح هاناو هاواری بۆ هێناین، ئێمەش چاکترین کەسێ بووین کە بەهاناو هاواریەوە چووین.

وَنَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ مِنَ الْكَرْبِ الْعَظِيمِ (76)

خۆی و کەس و کاری (باوەڕداری)مان لە تەنگانە گەورەکە ڕزگار کرد.

وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُ هُمُ الْبَاقِينَ (77)

تەنها نەوەی ئەومان هێشتەوە (کە ببنە هۆی ئاوەدان کردنەوەی زەوی سەرلەنوێ).

وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ (78)

(بەسەرهاتی) ئەومان هێشتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو (تا پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرن).

سَلَامٌ عَلَى نُوحٍ فِي الْعَالَمِينَ (79)

سڵاو لەسەر نوح لەلایەن نیشتەجێی هەموو جیهانەکانەوە.

إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (80)

ئێمە ئا بەو شێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە (ڕزگاریان دەکەین، یادی خێریان دەکەین).

إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ (81)

بەڕاستی ئەو لە بەندە ئیماندارەکانی ئێمەیە.

ثُمَّ أَغْرَقْنَا الْآخَرِينَ (82)

لەوەودوا هەرچی ئەوانی تربوو غەرقمان کرد.

وَإِنَّ مِن شِيعَتِهِ لَإِبْرَاهِيمَ (83)

بێگومان لە شوێنکەوتەو پەیڕەوانی (نوح)، (ئیبراهیم)ە (سەلامی خوای لێبێت).

إِذْ جَاءَ رَبَّهُ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ (84)

ڕووی کردە پەروەردگاری، بەپیر بانگەوازیەوە چوو، بەدڵێکی پڕ لە ئیمان و خواناسی و یەکتاناسین.

إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ مَاذَا تَعْبُدُونَ (85)

ئینجا بە باوکی و قەوم و هۆزەکەی وت: (باشە، ئەوە ئێوە چی دەپەرستن؟!

أَئِفْكًا آلِهَةً دُونَ اللَّهِ تُرِيدُونَ (86)

ئایا شتی دەست هەڵبەست دەکەنە خواو لەجیاتی خوا دەتانەوێ (بیپەرستن)؟!

فَمَا ظَنُّكُم بِرَبِّ الْعَالَمِينَ (87)

(باشە) ئێوە، چ گومانێکتان هەیە لە پەروەردگاری جیهانەکان؟!

فَنَظَرَ نَظْرَةً فِي النُّجُومِ (88)

(ئەوسا چاوی هەڵبڕی بۆ ئاسمان و) تەماشایەکی ئەستێرەکانی کرد، (لەداخی بیروبۆچوونیان).

فَقَالَ إِنِّي سَقِيمٌ (89)

(دیارە کە سبەی جەژنیان بووەو دەعوەتی حەزرەتی ئیبراهیم یشیان کردووە، ئەمیش حەزی نەکردووەو بێزار بووە بۆیە) وتوویەتی: من نەخۆشم.

فَتَوَلَّوْا عَنْهُ مُدْبِرِينَ (90)

ئەوان (ئیبراهیم)یان بەجێ هێشت و ڕۆیشتن.

فَرَاغَ إِلَى آلِهَتِهِمْ فَقَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ (91)

ئەوسا (لێیان چووە پێشەوەو) وتی: ئەوە بۆ ناخۆن؟ (دیارە خۆراکی زۆریان بۆ بتەکان داناوە تا بەرەکەتاوی ببێت!!!).

مَا لَكُمْ لَا تَنطِقُونَ (92)

(هاواری لێکردن، ئەوە بۆ لاڵ بوون) بۆ قسە ناکەن؟ چیتانە؟!

فَرَاغَ عَلَيْهِمْ ضَرْبًا بِالْيَمِينِ (93)

پاشان تێیان کەوت بەدەستی ڕاستی پیاماڵین و دەیشکاندن.

فَأَقْبَلُوا إِلَيْهِ يَزِفُّونَ (94)

دوایی (بت پەرستان گەڕانەوەو بینییان خواکانیان تێک و پێک شکاون) بە پەلە هاتن بۆ حەزرەتی ئیبراهیم....!!

قَالَ أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ (95)

ئەویش پێی وتن: باشە، ئێوە شتێک کە خۆتان دەیتاشن (ڕەوایە) بیپەرستن؟!

وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ (96)

خۆ هەر خوا بەدیهێنەری ئێوەش و ئەم بتانەشە بە دروستان کردوون (ئەوانە نەیانتوانی بەرگری لە خۆیان بکەن!!).

قَالُوا ابْنُوا لَهُ بُنْيَانًا فَأَلْقُوهُ فِي الْجَحِيمِ (97)

(کەچی بیریان نەکردەوە لەو بەڵگە بەهێزانەو، وتیان: شوێنێک دروست بکەن و ئاگری تیا بکەنەوەو (ئیبراهیم)ی تێ فڕێ بدەن.

فَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا فَجَعَلْنَاهُمُ الْأَسْفَلِينَ (98)

ویستیان پیلانێکی بۆ دروست بکەن، ئێمە پیلانەکەیانمان تێکشکاند و ڕیسوامان کردن (ئاگرمان کردە ساردیی و سەلامەتیی).

وَقَالَ إِنِّي ذَاهِبٌ إِلَى رَبِّي سَيَهْدِينِ (99)

(ئینجا ئیبراهیم) وتی: من ئیتر دەڕۆم بۆلای پەروەردگارم (دەمەوێت هەر ئەو بپەرستم)، ئەو هیدایەت و ڕێنموونیم دەکات.

رَبِّ هَبْ لِي مِنَ الصَّالِحِينَ (100)

(بەتەنیا کۆچی کرد قەومی نالەباری بەجێهێشت، لەو ڕێگەو بانەدا داوای لەخوا کرد) لە صالّح و چاکانم پێ ببەخشە.

فَبَشَّرْنَاهُ بِغُلَامٍ حَلِيمٍ (101)

ئێمەش مژدەی منالێکی حەلیم و خۆگرو (ژیرمان) پێ بەخشی کە (ئیسماعیل)ە.

فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَى قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِن شَاء اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ (102)

کاتێک کە ئەو منالە کەوتەدەرو ماڵ لەگەڵیا (بەیانیەک پێی وت) کوڕم، کوڕی شیرینم من لە خەودا بینیومە کە تۆ سەردەبڕم، تۆ دەڵێی چی؟ ڕات چۆنە؟! (کوڕی چاک و خواناس و خۆگر بە زمانی شیرین) وتی: بابە گیان هەر فەرمانێکت پێ دراوە جێبەجێی بکە، دەمبینی ئەگەر خوا حەزبکات، خوا بیەوێت لە ئارامگران دەبم.

فَلَمَّا أَسْلَمَا وَتَلَّهُ لِلْجَبِينِ (103)

کاتێک کە هەردووکیان تەسلیمی (فەرمانی پەروەردگار) بوون ئیبراهیم، بە ڕوودا (ئیسماعیل)ی خستە سەر خاک (بۆ ئەوەی سەری ببڕێت).

وَنَادَيْنَاهُ أَنْ يَا إِبْرَاهِيمُ (104)

بانگمان لێکرد کە: ئەی (ئیبراهیم).

قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (105)

بێگومان خەوەکەت ڕاست بوو، هاتە دی، ئێمە هەر ئاوا پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە (لە تاقیکردنەوەکاندا سەریان دەخەین).

إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْبَلَاء الْمُبِينُ (106)

بەڕاستی ئالەمەدا تاقیکردنەوەیەکی ئاشکراو سەرسوڕهێنەر هەیە.

وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ (107)

ئێمە قۆچێکی گەورەمان کردە قوربانی (ئیسماعیل تا لەجیاتی ئەودا سەری ببڕێت).

وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ (108)

وەلەناو گەلان و نەوەکانی داهاتوودا ناوی (ئیبراهیم)مان هێشتەوە (بەڕێزو سەروەرییەوە).

سَلَامٌ عَلَى إِبْرَاهِيمَ (109)

سڵاوو دروود ڕێز لەسەر ئیبراهیم.

كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (110)

ئێمە بەو شێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە.

إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ (111)

بەڕاستی ئەمیش لە بەندە ئیماندارەکانی ئێمەیە.

وَبَشَّرْنَاهُ بِإِسْحَاقَ نَبِيًّا مِّنَ الصَّالِحِينَ (112)

مژدەی هاتنە دنیای (ئیسحاق)یشمان پێ بەخشی کە ئەویش پێغەمبەرێکە لە چاکان.

وَبَارَكْنَا عَلَيْهِ وَعَلَى إِسْحَاقَ وَمِن ذُرِّيَّتِهِمَا مُحْسِنٌ وَظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ مُبِينٌ (113)

خێرو بەرەکەتمان ڕژاند بەسەر ئیبراهیم و بەسەر ئیسحاق دا وە لە نەوەی هەردووکیان، واتە (ئیسماعیل و ئیسحاق) چاکان و باشان و ستەمکارانی ئاشکراش )هاتە دنیاوە).

وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَى مُوسَى وَهَارُونَ (114)

بەڕاستی ئێمە لای ڕەحمەتمان کردەوە لە موساو هارون (هەردووکیان هەڵبژارد بۆ پێغەمبەرایەتی).

وَنَجَّيْنَاهُمَا وَقَوْمَهُمَا مِنَ الْكَرْبِ الْعَظِيمِ (115)

هەردووکیان و قەومەکەشیانمان لە تەنگانە گەورەکە ڕزگار کرد (لە غەرق بوون و خنکان).

وَنَصَرْنَاهُمْ فَكَانُوا هُمُ الْغَالِبِينَ (116)

وە سەرمان خستن (بەسەر دوژمنەکانیاندا) سەرکەوتنیشیان بەدەستهێنا (بە ویستی ئێمە).

وَآتَيْنَاهُمَا الْكِتَابَ الْمُسْتَبِينَ (117)

ئینجا کتێبی (تەوراتیشمان) پێ بەخشین کە ڕوونکەرەوەی (هەموو شتێکە، تا پەیڕەوی بکەن).

وَهَدَيْنَاهُمَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ (118)

هەروەها ڕێنوونی هەردووکیانمان کرد بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروست (تا ئەوانیش قەومەکەیان سەرفەراز بکەن).

وَتَرَكْنَا عَلَيْهِمَا فِي الْآخِرِينَ (119)

وە ناوبانگی (خێریانمان) لەنەوەکانی داهاتوودا هێشتەوە (کە هەتا دنیا دنیایە بەڕێزەوە ناویان ببرێت).

سَلَامٌ عَلَى مُوسَى وَهَارُونَ (120)

سڵاوو درود و ڕێز لەسەر موساو هارون (لەلایەن پەروەردگاری مەزن و بەڕێزەوە).

إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (121)

ئێمە، ئابەو شێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە (لە دنیادا ڕێزدارن لە قیامەتیشدا لە نزیکانی پەروەردگارن).

إِنَّهُمَا مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ (122)

بەڕاستی هەردووکیان لە بەندە ئیماندارەکانی ئێمە بوون (ئەرکی سەرشانی خۆیان بەچاکیی ئەنجامدا).

وَإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنْ الْمُرْسَلِينَ (123)

بێگومان (الیاس)یش لە دەستەی پێغەمبەران و ڕەوانەکراوانە (لەلایەن پەروەردگاری میهرەبانەوە).

إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَلَا تَتَّقُونَ (124)

ئەویش بە قەوم و گەلەکەی خۆی وت: ئەوە ناکرێت خواناس بن؟ ئەوە بۆ لەخوا ناترسن؟!

أَتَدْعُونَ بَعْلًا وَتَذَرُونَ أَحْسَنَ الْخَالِقِينَ (125)

ئایا ئێوە هاوارو هاناو نزا بۆ (بەعل) دەبەن و واز لە (خواپەرستی) دێنن لە کاتێکدا ئەو زاتە چاکترینی دروستکارەکانە.

اللَّهَ رَبَّكُمْ وَرَبَّ آبَائِكُمُ الْأَوَّلِينَ (126)

خۆ هەر خوا (الله) پەروەردگارتانە، پەروەردگاری باوانی دێرینیشتانە (ئەوە بۆ بیرێک ناکەنەوە)؟!

فَكَذَّبُوهُ فَإِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ (127)

(الیاس)یان بەدرۆ خستەوە، سەرئەنجام دەبێ ئامادەبن (لەناو دۆزەخ و سزای سەختدا).

إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ (128)

جگە لە بەندە دڵسۆزو هەڵنژاردەکانی خوا.

وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ (129)

ئینجا ناوبانگی خێری (الیاس)مان لە نەوەکانی داهاتوودا هێشتەوە.

سَلَامٌ عَلَى إِلْ يَاسِينَ (130)

سڵاوو دروودو ڕێز لە سەر الیاس بێت.

إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (131)

ئێمە، بەو شێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە.

إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ (132)

بەڕاستی ئەویش لە بەندە ئیماندارەکانی ئێمەیە.

وَإِنَّ لُوطًا لَّمِنَ الْمُرْسَلِينَ (133)

بێگومان (لوط)یش لە پێغەمبەرانە.

إِذْ نَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ أَجْمَعِينَ (134)

(کاتی خۆی) ئەوو هەر هەموو کەس و کاریمان ڕزگار کرد.

إِلَّا عَجُوزًا فِي الْغَابِرِينَ (135)

جگە لە پیرەژنێك (بێ باوەڕ بوو بەردەوام گرفتی بۆ پێش دەهێنا، لەگەڵ
خوانەناساندا) لەناومان برد.

ثُمَّ دَمَّرْنَا الْآخَرِينَ (136)

پاشان هەموانمان تەفرو تونا کرد.

وَإِنَّكُمْ لَتَمُرُّونَ عَلَيْهِم مُّصْبِحِينَ (137)

(کاتێک کە ئێوە لە شام دەگەڕێنەوە) لە بەرەبەیاندا ڕێتان لە
شوێنەواریان دەکەوێ.

وَبِاللَّيْلِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (138)

به شەوگارانیش (هەندێ جار لەوێوە تێدەپەڕن) ئایا ئێوە ژیریتان ناخەنە کارو بیرێک ناکەنەوە (چیمان بەسەر ئەو بەدخووانە هێنا؟!).

وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ (139)

(هەروەها) (یونس)یش لە پێغەمبەرانە.

إِذْ أَبَقَ إِلَى الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ (140)

سەرکەشی کردو ڕووی کردە کەشتی پڕ لە کەل و پەل و خەڵکی.

فَسَاهَمَ فَكَانَ مِنْ الْمُدْحَضِينَ (141)

بەشداری قورعەی کرد، ئیتر ناوی دەرچوو.

فَالْتَقَمَهُ الْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ (142)

(ئەویش خۆی فڕێ دایە دەریاوە) نەهەنگێک قوتی دا، وە ئەو لۆمەکراوە (چونکە پێش ئەوەی خوا مۆڵەتی بدات قەومەکەی بەجێ هێشت).

فَلَوْلَا أَنَّهُ كَانَ مِنْ الْمُسَبِّحِينَ (143)

خۆ ئەگەر لەو کەسانە نەبوایە کە تەسبیحات و یادی خوا دەکەن وە نەیوتایە (لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين): پەروەردگارا هیچ خوایەك نیە جگە لە تۆ، پاکی و بێگەردی و ستایش شایستەی تۆیە، وە من لە ستەمکارانم.

لَلَبِثَ فِي بَطْنِهِ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (144)

دەمایەوە لە سکی نەهەنگەکەدا تا ڕۆژێك (کە هەموان) زیندوو دەکرێنەوە.

فَنَبَذْنَاهُ بِالْعَرَاءِ وَهُوَ سَقِيمٌ (145)

وَأَنبَتْنَا عَلَيْهِ شَجَرَةً مِّن يَقْطِينٍ (146)

ئینجا ڕووەکی کولەکەی گەورەی بۆ پێگەیاند (کە گەڵاکانی پان و گەورەیەو مێش و مەگەز نزیکی ناکەون).

وَأَرْسَلْنَاهُ إِلَى مِئَةِ أَلْفٍ أَوْ يَزِيدُونَ (147)

ئینجا ڕەوانەمان کرد بە پێغەمبەرایەتی بۆلای سەد هەزار کەس یان زیاتریش، (کە قەومەکەیەتی).

فَآمَنُوا فَمَتَّعْنَاهُمْ إِلَى حِينٍ (148)

ئیتر ئەوان ئیمان و باوەڕیان هێنا، ئێمەش ژیانێکی خۆشمان بۆ فەراهەم هێنان تا کاتێکی دیاریکراو،

فَاسْتَفْتِهِمْ أَلِرَبِّكَ الْبَنَاتُ وَلَهُمُ الْبَنُونَ (149)

(ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) لێیان بپرسە (ئایا شتێکی مەعقول و بەجێیە) کە کچان شایستەی پەروەردگارت بن، وە کوڕان شایستەی خۆیان بێت؟! (ئەڵبەتە کوڕو کچ هەردوو بەدیهێنراوی خوان، پێوەر تەنها تەقوایە، بەڵام قورئان دەیەوێت هەر لەسەر زاری خۆیان پوچیی بەڵگەیان دەربخات، کاتێ کە وتویانە: فریشتەکان کچی خوان، لە حاڵێکدا ئەوان کچ بە چاوی سوک تەماشا دەکەن و بەکەمی دەزانن، ئەی بۆچی بۆخوای پەروەردگار کە لە هەموو ئەو بیرو باوەڕە چەوتانە دوورە، ڕەوای دەبینن؟!).

أَمْ خَلَقْنَا الْمَلَائِكَةَ إِنَاثًا وَهُمْ شَاهِدُونَ (150)

ئایا مەگەر فریشتەکانمان بە مێینە دروستکردووە و ئەوان شایەتی حاڵبوون؟!

أَلَا إِنَّهُم مِّنْ إِفْكِهِمْ لَيَقُولُونَ (151)

ئاگاداربن!! ئەوانە ئەوەندە بوختانکەرن دەڵێن:

وَلَدَ اللَّهُ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ (152)

خوا منالّی بووه!!، بەڕاستی و بێگومان ئەوانە زۆر درۆزنن.

أَصْطَفَى الْبَنَاتِ عَلَى الْبَنِينَ (153)

ئایا مەگەر کچانی هەڵبژاردووە کە بیکات بە نەوەی خۆی وە ڕێزی داون بەسەر کوڕاندا؟!!

مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ (154)

کەی شتی وا ڕاستەو، کەی ڕەوایە ئەو حوکم و (یاسایەی) کە (باوەڕتان پێیەتی).

أَفَلَا تَذَكَّرُونَ (155)

ئایا بیری ناکەنەوە؟ (لەم قسە بێ سەرو بنانە؟! لەم تۆمەتە ناماقوڵانە؟!).

أَمْ لَكُمْ سُلْطَانٌ مُّبِينٌ (156)

ئایا مەگەر بەڵگەو شتێکی بەهێزو ئاشکراتان بەدەستەوەیە (بۆ ئەم قسە هەڵەق و مەلەقانە).

فَأْتُوا بِكِتَابِكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (157)

ئادەی.. کوا کتێبتان، (کوا بەڵگەتان) ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن.

وَجَعَلُوا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجِنَّةِ نَسَبًا وَلَقَدْ عَلِمَتِ الْجِنَّةُ إِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ (158)

(لەلایەکی ترەوە کافرەکان) خزمەتیان بڕیار داوە لە نێوان زاتی پەروەردگارو پەرییەکاندا، بەمەرجێ پەرییەکان چاکدەزانن کە ئامادە دەکرێن (بۆ لێپرسینەوەو موحاسەبە) (ئەگەر ئاوا خزمایەتییەک هەبێ چۆن دادگایی دەکرێن؟!)

سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ (159)

پاک و بێگەردی بۆ خوای گەورە، دەربارەی ئەو شتانەی کە باسی دەکەن و ئەو قسە بەجێیانەوەی دەیکەن.

إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ (160)

بەڵام بەندە دڵسۆزو هەڵبژاردەکانی خوا (لەو گوفتارو بۆ چوونە خوارو خێچ و ناقۆلایانەوە دوورن).

فَإِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ (161)

(ئەی بێ باوەڕان) خۆتان و ئەوەش دەیپەرستن.

مَا أَنتُمْ عَلَيْهِ بِفَاتِنِينَ (162)

ناتوانن کەسی پێ گومڕا و سەرلێشێواو بکەن.

إِلَّا مَنْ هُوَ صَالِ الْجَحِيمِ (163)

مەگەر ئەو کەسەی (کە بەتەواویی کافرە، ئەوە) دەخرێنە ناو دۆزەخەوە.

وَمَا مِنَّا إِلَّا لَهُ مَقَامٌ مَّعْلُومٌ (164)

(فریشتەکان دەڵێن): هەریەکێك لە ئێمە شوێنی دیاریکراوی هەیەو (سەرگەرمی خواپەرستی و فەرمانبەرداری خۆیەتی).

وَإِنَّا لَنَحْنُ الصَّافُّونَ (165)

ئێمە هەموومان بە ڕیز وەستاوین (ئامادەی فەرمانین).

وَإِنَّا لَنَحْنُ الْمُسَبِّحُونَ (166)

(دووبارە دەڵێن:) ئێمە هەموو دەم سەرگەرمی تەسبیحات و ستایشی (خوای میهرەبانین).

وَإِن كَانُوا لَيَقُولُونَ (167)

هەرچەندە (کافرو هاوەڵپەرستان) پێش ڕەوانەکردنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەیانوت:

لَوْ أَنَّ عِندَنَا ذِكْرًا مِّنْ الْأَوَّلِينَ (168)

ئەگەر ئێمەش کتێبێکی ئاسمانیمان وەکو پێشووەکان بهاتایە...

لَكُنَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ (169)

ئێمەش دەبوینە بەندە دڵسۆزو چاکەکانی خوای گەورە.

فَكَفَرُوا بِهِ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ (170)

)کەچی کە قورئانمان ڕەوانە کرد) بڕوایان پێ نەکرد، سەرئەنجام خۆیان دەبیننەوە (کە چییان بەسەر دێنین).

وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا الْمُرْسَلِينَ (171)

بێگومان بڕیاری ئێمە بۆ بەندە فرستادەو پێغەمبەرەکانمان (هەر زوو دەرچووە).

إِنَّهُمْ لَهُمُ الْمَنصُورُونَ (172)

کە بەدڵنیاییی، هەر ئەوان سەرکەوتوو سەرفەرزا دەبن.

وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ (173)

وە سەربازەکانیشمان (لە ئیمانداران) هەر دەسەڵات دەگرنە دەست.

فَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّى حِينٍ (174)

جارێ تا ماوەیەک خۆت بگرەو گوێیان پێ مەدە.

وَأَبْصِرْهُمْ فَسَوْفَ يُبْصِرُونَ (175)

تۆ سەرئەنجامی لاری و خوانەناسینایین بخەرە بەرچاو، لە ئایندەدا خۆیان دەبیننەوە.

أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ (176)

ئایا ئەوانە پەلەیانە کە زوو سزاو تۆڵەی ئێمە ڕووبەڕوویان بێت و یەخەیان پێ بگرێت؟!

فَإِذَا نَزَلَ بِسَاحَتِهِمْ فَسَاءَ صَبَاحُ الْمُنذَرِينَ (177)

(قوڕ بەسەریان، خاک بە دامانیان) کاتێك کە سزاو تۆڵەی ئێمە دادەبەزێتە مەیدانیان، ئای کە بەرەبەیانێکی سامناکە.

وَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّى حِينٍ (178)

تۆ تا ماوەیەك مۆڵەتیان بدەو گوێیان پێ مەدە.

وَأَبْصِرْ فَسَوْفَ يُبْصِرُونَ (179)

ڕاستییەکان بخەرە بەرچاو، سەرئەنجام خۆیان دەبیننەوە.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ (180)

پاکی و بێگەردی بۆ پەروەردگارت، پەروەردگاری خاوەن دەسەڵات، لەوەی کە ئەوانە دەیدەنە پاڵ ئەو زاتە بێ هاوەڵ و هاوتایە.

وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ (181)

سڵاوو درودیش لەسەر هەموو پێغەمبەران و فرستادەکانی (خوا بێت).

وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (182)

سوپاس و ستایشیش بۆ خوا، پەروەردگاری هەموو جیهانەکان (هەمیشەو بەردەوام).